# هەڵەبجە و قایمقامەکەی

ئەمجەد شاکەلی

ماوەیەکە میدیاکانی کوردستان، گوتار و لێدوان و دیدار و هەڵوێستگەلێکی جیاواز، لەمەڕ دانانی قایمقامی شاری هەڵەبجەوە، پەخش دەکەنەوە و زۆرجاران لەنێو ئەو بابەتانەدا، دید و هەڵوێستی سەیر و سەمەرە، دەبینرێن و دەبیسرێن و دەخوێندرێنەوە. بنەمای کێشەکەیش لەوەوە دەستپێدەکات، کە بڕیارە پارێزەرێکی ناسراوی هاواری، کە گوندێکی سەر بە هەڵەبجەیە، بە ناوی گۆران ئەدهەم، دابنرێ بە قایمقامی ئەو شارە.

گۆران ئەدهەم، وەک ئایین، کاکەییە. کاکەییەتیی ئەم پیاوە وای لە هەندێ خەڵکی موسوڵمان، بەتایبەت هەندێ مەلا و پیاوانی ئایینی کردووە، کە بە قایمقامیەتیی ئەو پیاوە قایل نەبن و ئەو کارەیان پێ ناڕاست و دژە شەریعەت و ئایینی ئیسلام بێت.

بە بڕوای من، وەها بیروباوەڕ و ترسێک لە دانانی قایمقامێک یا هەر کارگێڕێکی باڵا، کە سەر بە ئایینێکی دیکەی نائیسلامی یا ناسوننە بێت، بۆ هەر باژێڕ و چێگەیەک لە کوردستاندا، بێجگە لە تەنگەجیقڵدانی و تەسکبیرکردنەوە و بەرچاوتەنگی و تێنەگەیشتنی واقیعی کوردستان و نەخوێندنەوەی مێژووی کوردستان و کورد، شتێکی دیکە نییە.

کوردستان، کە بۆ خۆی تا ئێستاش وڵاتێکی بێسنوورە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، چ قەوارەیەکی سیاسیی ددانپیانراوی نییە، لە رووی ئایینی و باوەڕیشەوە، هەمیشە وەک بێسنوورییەکەی، وڵاتێکی کراوە بووە و جێی هەموو ئایین و ئایینزا و جیاوازییەکی تێدا بووەتەوە.

هەر لە سەردەمی شێخ مەحموودی شای باشووری کوردستاندا، کەریمی عەلەکەی فەلە(عیسایی)، یەکێک بووە لە ئەندامانی کابینەی حوکوومەتەکەی شێخ و وەزیری دارایی بووە. فرانسۆ هەریری فەلە، یەکێک بوو لە سەرانی پارتیی دیموکراتی کوردستان و لە کەسە جێبڕوا و هەرەنزیکەکانی هەردوو سەرۆک مستەفا بارزانی و مەسعوود بارزانی. بێجگە لەویش دەیان کەسی دیکەی فەلە لە شۆڕشەکانی کورد و لە نێوەندەکانی دەسەڵاتی کورددا، نۆرەی لەبەرچاویان دیوە. خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی دیکەی کوردستان وەک یارسان و ئێزدی و فەلە، هیچ کاتێک لە کوردە موسوڵمانەکان جودا نەکراونەتەوە و خەڵکی کوردی موسوڵمان، بە چاوێکی دیکە یا وەک نامۆ و غەوارەی تەماشا نەکردوون.

لە نێو هەموو کابینەکانی حوکوومەتی کوردستاندا لە دوای ساڵی 1991ەوە تا ئەمڕۆ، هەمیشە خەڵکانی سەر بە ئایینی یارسانی و عیسایی هەبوونە و هەن.

کوردستان، وڵاتی تەواوی خەڵکی کوردستانە. وڵاتی نەتەوەگەلی کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریان و ئەرمەن و عەرەبە. وڵاتی موسوڵمانی سوننە و شیعە و عەلەوی و یارسان(ئەهلی حەق/ کاکەیی) و ئێزدی و فەلەیە. وڵاتێکە تەواوی ئەو خەڵکانەشی بە درێژایی مێژوو بەهەڤرا ژیاون و دەژین و هەبوونە و هەن و یەکدیان قەبووڵ کردووە و قەبووڵ دەکەن.

ئێمه، که کوردستان به وڵاتی هەمووان، ئەوانەی له سەر خاکەکەی دەژین و ئەوانەیشی له دەرێی ئەو خاکەن و هەستی ئینتیمایان بۆی هەیه، بزانین، گەرەکه هیچ جۆره جیاوازییەک له نێوان پێکهاته نەتەوەیی و ئایینییەکانیدا نەکەین و نەبینین و هەموویانمان له لا وەک یەک بن.

چەنده کوردێکی موسوڵمانی سوننه مافی ئەوەی هەیه ببێته ئوستانداری سلێمانی، قایمقامی ئاکرێ، قایمقامی هەڵەبجه، قایمقامی کفری، بەڕێوەبەری ناحیەی سمێل یا بەڕێوەبەری ناحیەی قۆرەتوو، هێندەش ئاشوورییەک، تورکمانێکی شیعه یا سوننه، کوردێکی شیعه، کوردێکی یارسانی، کوردێکی ئێزدی، ئەرمەنییەک یا هەر کوردستانییەکی دیکه ئەو مافەی هەیه و گەرەکه ئەو مافەی هەبێت.

به بوونی ئەو جیاوازییانەوه و به قەبووڵکردنی یەکدییەوه به جیاوازییەکانەوه، وڵاتی کوردستان، ڕەنگینتر و ئارامتر و پێشکەوتووتر دەبێت.

ئایینەکان له بنەڕەتدا هەموو هەر یەکن و یەک پەیامیان پێیه. ئەوه خوێندنەوەی هەڵه و ناجۆر و کوێرانەی خەڵکه، که وایان لێ دەکات له یەکدی دوورکەونەوه و سەنگەر له یەکدی بگرن و ئایینەکەی خۆیان له ئایینەکەی ئەوی دیکه به باشتر و ڕاستتر بزانن. ئێمه ئەگەر بڕوامان به مارکس هەبێت یانه، ئەو زۆر له مێژه گوتوویەتی: ئایین تلیاکی گەلانه. ئەبولعەلاء ئەلمەعەڕڕی(973 - 1057)، شاعیری گەورەی عەرەب، **که بۆ خۆی خەڵکی سووریا و وڵاتی شام بووه دەڵێ:**

**له لازقییه هەرایه لەنێوان ئەحمەد و مەسیحدا**

**ئەمیان له زەنگ دەدا و ئەوەی دی له منارەیەکەوه بانگ دەدات**

**هەرکەسەو هاوار بۆ ئایینەکەی خۆی دەکات**

**خۆزگه دەمزانی چی ڕاسته** [1]

لازقییه(اللاذقية) شارێکه له سووریا و مەبەستیش له ئەحمەد، موسوڵمانه و له مەسیحیش، عیسایيانه.

گۆران ئەدهەم، وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی خەڵکی کوردستان، مافی خۆیەتی ببێته نەک تەنێ قایمقامی هەڵەبجه، بەڵکه ئوستانداری هەولێر و سەرۆکی حوکوومەتی کوردستان و قایمقامی زاخۆ و خانەقین و هەر کارێکی دیکه، که لەگەڵ توانست و ئارەزووی خۆی و پێویستییەکانی وڵاتدا بگونجێ.

دابەشکردنی خەڵکی کوردستان و بەگرنگترزانینی هەندێک له هەندێکی دیکه و وەپێشخستنی هەندێک بەسەر هەندێکی دیکەدا و بڕوابوون به باشتربوونی ئەو لەوی دیکه، لەسەر بنەما و جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و سێکسی، کارێکی ناڕاست و یەکجار خراپ و مەترسیدار و نامرۆڤانەیه و تەنێ جیاوازیی توانست و پێویستی و بەهره، دەبێ بکرێنه پێوەر بۆ وەرگرتنی هەموو جۆره کارێک له سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی

[1] شیعرەکه به عەرەبی بەم جۆرەیه: **في اللاذقية ضجة ما بين أحمد والمسيح**

**هذا بناقوس يدق وذاك بمأذنة يصيح**
**كل يصيح لدينه  يا ليت شعري ماالصحيح**

حوکوومەتەوە تا دەگاتە نزمترین پایەی کار و لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا. دەبێ هەمووان وەک هاووڵات چاویان لێ بکرێ و هاووڵاتیەتی و ناسنامەی کوردستانیەتی و بەهرە و توانستی کەسەکی، بخرێنە سەرووی هەموو ئایین و نەتەوە و ئایینزایەکەوە.

2010-1-13